ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
نووسینگەی تایبەتی
سەرۆکی ئەنجومەن

مجلس محافظة السليمانية
المكتب الخاص
لرئيس المجلس

Slemani Provincial Council
Private Office

بەڕێز/ سکرتێری ئەنجومەن

**ب/ کۆبوونەوەی ئەنجومەن**

**هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاگادارئەکەنەوە، کە ڕۆژی سێشەممە ٢٠١٥/٨/١١، سەعات ١٠ی بەیانی، لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پانزدەیەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن دەکرێت.**

پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەکە، دیاریی و خەڵاتی ڕێزلێنان و سوپاسگوزاریی ئەنجومەن، لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەنەوە بە بەشداریی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ڕۆشنبیریی دەبەخشرێتە هونەرمەندیی بەڕێز (دیاری محەممەد)، دیزاینەری لۆگۆی پەسەندکراوی ئەنجومەن.

**کارنامەی کۆبوونەوەکە بریتی دەبێت لە،**

- **تەوەری یەکەم،**

**دەنگدان لەسەر پەسەندکردنی ئەم پرۆژە بڕیارانەی خوارەوە، کەپێشتر لەلایەن سەرۆکایەتیی ئەنجومەن و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و لیژنە هەمیشەییە پەیوەندیدارەکانی ئەنجومەنەوە، بەپێی تایبەتمەندیان گەڵاڵەکراون،**

١. ڕۆژی چوارشەممە ٢٠١٥/٨/١٢، کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەن بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و چارەسەرکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران و کێشەو گرفتەکانی کەمیی خزمەتگوزاریی لە سنووری پارێزگای سلێمانی.

٢. ڕێگرتن لە گواستنەوەی ناسنامەی باری شارستانیی لە هاووڵاتیانی غەیرە کوردەوە بۆ سنووری پارێزگای سلێمانی، تا کۆتایی هاتنی شەڕی دژی داعش و تەواوبوونی باری ئاوارەبوون لە عیراقدا، پشتبەستن بە دەستووری عیراقیی و بەمەبەستی بەرگرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافیی لە سنووری پارێزگادا.

٣. ڕێگرتن لە تاپۆکردنی موڵک و ماڵ و زەوی و خانووبەرەی نیشتەجێبوون و بازرگانیی لە سنووری پارێزگای سلێمانی، بۆ هەڵگرانی ناسنامەی باری شارستانیی غەیرە کورد، تا کۆتایی هاتنی شەڕی دژی داعش و تەواوبوونی باری ئاوارەبوون لە عیراقدا، پشتبەستن بە دەستووری عیراقیی و بەمەبەستی بەرگرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافیی لە سنووری پارێزگادا.

٤. ڕێگرتن لە گواستنەوی کۆبۆنی خۆراک لە سنووری پارێزگای سلێمانی، بۆ هەڵگرانی ناسنامەی باری شارستانیی غەیرە کورد، تا کۆتایی هاتنی شەڕی دژی داعش و تەواوبوونی باری ئاوارەبوون لە عیراقدا، پشتبەستن بە دەستووری عیراقیی و بەمەبەستی بەرگرتن لە گۆڕینی دیمۆگرافیی لە سنووری پارێزگادا.

٥. هاندان و پاراستنی بەرووبوومی ناوخۆیی و بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیی لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا.

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
email uparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Berd :0176

٦. چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکانی هاووڵاتیان لە سنوری قەزای سەیدسادقدا بە پچڕاندنی ئەم فەرمانگەیانەی خوارەوە لە پارێزگای هەڵەبجەو بەستنەوەیان بە پارێزگای سلێمانییەوە:

- فەرمانگەی تۆمارکردنی خانوبەرە.
- فەرمانگەی ڕۆشنبیری.
- بەڕێوەبەرێتیی ئاسایشی سەیدسادق.
- فەرمانگەی چاودێری کاروباری کۆمەڵایەتی.
- فەرمانگەی کارەبا.
- تێبینەرایەتیی باجی خانوبەرە.
- فەرمانگەی دادنووسی سەیدسادق.
- فەرمانگەی جێبەجێکردن لە سەیدسادق.

٧. قەدەغەکردنی ڕوخاندنی گەڕەک و خانووە کۆنەکانی سلێمانی و ڕادەستکردنیان بە ڕێکخراوی یونسکۆ، بەمەبەستی پاراستنی کەلتوری مێژوویی و هونەری تەلارسازیی خۆماڵی.

٨. أ. پچڕاندنی گوندی عەلی ئاوا لە ڕووی ئیدارییەوە لە ناحیەی خورماڵ و بەستنەوەی بە قەزای سەیدسادقەوە.
ب. پچڕاندنی گوندی باراو لە ڕووی ئیدارییەوە لە ناحیەی سروچک و بەستنەوەی بە ناحیەی سیتەکەوە.

٩. أ. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی بەڕێوەبردنی کوالێتیی ISO: 9001.
ب. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی جێبەجێکردنی پێداویستیی تەندروستیی و سەلامەتیی نێودەوڵەتیی بەپێی پێوانەی ستاندارد BSOH SAS 18001: 2007.
پ. پشتیوانیکردن لە پەیڕەوکردن و کارکردن بە سیستمی پێداویستییە نێودەوڵەتییەکانی ژینگە بەپێی پێوانەی ستاندارد ISO: 14001: 2004.

لە هەموو یەکە کارگێڕی و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانی و کەرتەکانی (هاوبەش و تایبەت). بەمەبەستی گەشەپێدانی بەڕێوەبردن و نەهێشتنی گەندەڵی.

- **تەوەری دووەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بە ئامادەکردنی ڕەشنووسی کۆتایی هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٣ ی ساڵی ٢٠٠٩.

- **تەوەری سێیەم:** بەدواداچوونی دۆسیەی پرۆژەکانی چاکی و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنیان. (تەواوی دۆسیەکە هاوپێچی ئەم کارنامەیە کراوە).

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**
**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**
**٢٠١٥/٨/٩**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزیک پردی قلیاسان
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 05331810083
P.O : 27 Bord :0176